# هەر پێغەمبەرێک کە خوای گەورە ناردبێتی بۆ ئومەتەکانی پێش من؛ چەند هاوەڵێکی نزیکیان هەبووە کە دەستیان بە سوننەت وڕێبازەکەیەوە گرتووە وفەرمانەکانیان جێبەجێ کردووە

له عبداللهى کوڕى مەسعودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەرى خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەر پێغەمبەرێک کە خوای گەورە ناردبێتی بۆ ئومەتەکانی پێش من؛ چەند هاوەڵێکی نزیکیان هەبووە کە دەستیان بە سوننەت وڕێبازەکەیەوە گرتووە وفەرمانەکانیان جێبەجێ کردووە، لە پاش ئەوان کەسانێک هاتن ئەوەی دەیڵێن؛ کردەوەی پێ ناکەن، وئەوەی کردەوەی پێ دەکەن؛ فەرمانیان پێ نەکراوە لە سەر ئەنجامدانی، ئەوەی بە دەست جیهاد وکۆشش بەرامبەریان بکات؛ ئەوا ئیمانداره، ئەوەی بە دەم جیهاد وکۆشش بەرامبەریان بکات؛ ئەوا ئیمانداره، ئەوەی بە دڵ جیهاد وکۆشش بەرامبەریان بکات؛ ئەوا ئیمانداره، وله پاش ئەمەوە تەنانەت بە ئەندازەی دەنکە خەردەلێك ئیمان بوونی نییە».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە هەر پێغەمبەرێك الله ناردبێتی لە پێش ئەو؛ ئەوا لە نێو ئومەتەکەیدا کەسانێك هەڵبـژێردراون وەکـو پشتیـوان وتێکۆشـەری دڵسـۆز، وگونجـاون بـۆ جێنشینـی لەپـاش ئـەو پێغەمبەرە؛ ودەستیان بە ڕێبازەکەی گرتووە، وفەرمانەکانیان جێبەجێکردووە، دواتر لەپاش ئەو پێشینە چاکە خەڵکانێك هاتن کە هیچ خێرێکیان تێدا نییە، وئەوەی دەیڵێن جێبەجێی ناکەن، وئەوەی دەیکەن فەرمانیان پێنەکراوە بە کردنی؛ بۆیە ئەوەی بە دەستی دژیان تێبکۆشێت ئەوا تێکۆشەرە -موجاهیدە-، وئەوەی بە زمانی دژیان تێبکۆشێت ئەوا موجاهیدە، وئەوەی بە دڵی دژیان تێبکۆشێت ئەوا موجاهیدە، وله پاش ئەمە هێندەی کێشی تۆوی خەردەلێك ئیمان لە دڵدا نەماوە.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3480